


وچانێک لە ژێر سێبەری شەودا

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

شـیعر، تروسـکانەوەی ئـاوات و ئارەزووەکانـی مرۆڤـە لـە نێـو تاریکسـتانی ژیانـدا. شـیعر، ورشەورشـی ئـەو خەونـە ئەسـتێرەییانەیە لـە شـەوە ڕەش و پـڕ تەنیاییەکانـی مرۆڤـدا خـۆی دەنوێنـێ. شـیعر، زمانـی عاشـقانەی هەمـوو ئەویندارەکانـی دنیایـە. وەلحاسـڵ شـیعر زمانێکـە هەمـوو مرۆڤـەکان تێـی دەگـەن، بـەڵام جـۆری لـێ تێگەیشـتنەکەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئـاوات و ئـارەزووە کەڵەکەبوانـەی لـە ناخیاندایـە. شـیعر قسـەی دڵـە و لەگـەڵ دڵ پێوەنـدی دەگرێـت و بـە جلوبەرگـی هونـەر و خشـڵی زمـان دەڕازێنـەوە و وەک بووکێکـی ڕەزا شـیرین خـۆ دەکا بـە ژووری پـڕ لـە تەنیایـی دڵەکانـدا. شـیعر ئاوێنەیەکـە هەمـوو مرۆڤـەکان ویسـت و خـەم و کێشـە و ئەوینـی خۆیانـی تێـدا دەبینـن.

زۆر بـە داخـەوە چەنـد سـاڵێکە دوو وشـەی کلاسـیک و نـوێ وەک پەتایەکـی ئەمڕۆیـی خـۆی لـە سـیما و هەناسـەی شـیعر ئاڵانـدووە و هێندێـک کەسـی ڕواڵەتبیـن، بـێ ئـەوەی سـەرنجی نـاوەڕۆک و ڕۆح و هونـەر و جوانـی بەرهەمەکـە بـدەن، هـەر خێـرا مۆرکـی کـۆن و نـوێ بـە نێوچاوانـی بەرهەمەکـە دەلکێنـن. شـیعر وەک ئـاو و شـەربەت و خواردنـەوە ئاوەکییـەکان وایـە و لـە هـەر دەفرێکـی بکـەی شـکڵی دەفرەکـە بـە خۆیـەوە دەگـرێ، بـە مەرجـێ ئـەو کەسـەی لـە دەفرەکـەی دەکات بـە جوانـی و لێزانـی تێـی بـکات و بـە جوانـی لـە نێویـدا جێـی بکاتـەوە و نەیڕژێـت، هەروەهـا لێـوار و دیـوارەی دەفرەکـەش قێـزەون نـەکات. دیـارە خواردنـەوەش هەمیشـە لـە دەفرێکـی جـوان و خاوێـن و ڕێکوپێکـدا بێـت خۆشـتر و پڕچێژتـرە تـا لەنێـو سـواڵەتە شـکاو، یـان پەرداخێکـی قۆپـاو و قریجـاو، یـان لـە قاوەغـە کیسـەڵێکدا.

دەربڕیـن و گونجاندنـی هەسـت لەنێـو قاڵبـە شـیعرییەکاندا

پێوەندی بە توانایی هونەری شاعیرەکەوە هەیە و ئەزموونی شاعیرانە و زاڵبوون بە سەر زماندا هونەر و جوانی بە قاڵبەکان دەبەخشێت. ئەو کەسانەی پێیان وایە قاڵبی کێش و سەروادار شاعیران دەخاتە نێو تەنگژە و جەغزێکی بەرتەسکەوە و ناتوانن ئەوەی لە دڵیاندایە دەربڕن، کێشەکە لە خۆیانە و لە بواری زمان و وشە زانینەوە کولن. کەسێک کە خاوەنی ئەزموون بێت و زەینی خۆی کردبێتە ئینسیکلۆپیدیای وشە، دەتوانێ لە هەموو قاڵبێکدا شیعر بنووسێ و لە کاتی نووسینیشدا بۆ وشە دانامێنێت.

بەم پێشەکییەوە دەمەوێ ئاوڕێک لە کتێبی «سێبەری شەو» بدەمەوە کە بەرهەمێکی پڕ لە تام و چێژی شاعیرانەیە. کۆمەڵە غەزەلی سێبەری شەو بەرهەمی شاعیری لاوی مەریوانی «کامیل داوەری»یە و لە دووتوێی شەست و یەک لاپەڕەدا چاپ کراوە.

گوڵ بە ئەنقەست ماچ ئەنووسێ لەو بەری گۆنامەوە

شەو لە ناکاو یادەکان دێن، خۆی بە شوێن پێی زامەوە

دەنگی خرمەی ئێسکەکانم دێنە بەر گوێم تۆ کە نییت

بەر کوڵی مردن دەچۆڕێ ڕیز بە بەژنی خامەوە

هەر لە یەکەم خوێندنەوەدا خوێنەر تێدەگا ئەم هەستە قووڵپێدەرە شیعراوییە لە بیر و هزرێکی ڕووناک و کانی ئاسایی هەڵدەقوڵێ. ڕەوانی و بێ گرێگۆڵی زمان و داڕشتنی کێشی سوار و دڵگری شیعرەکە، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و چێژی پێدەبەخشێ.

کەس نەزانێ تۆ دەزانی شێت ئەبم بێ من

بڕۆی

ناونیشانی لێ دەشێوێ، کووچەکان جێمن بڕۆی

تۆ نەبی من دڵبەکۆڵ و ماڵبەکۆڵ دێم و دەڕۆم

دڵ گرانی و کۆڵەواری دوو دراوسێمن بڕۆی

بیری نوێ و هەست و وشە و دەستەواژەی نوێ، لە شیعرەکانی (کامیل)دا شەپۆل دەدەن و ڕۆحی خوێنەر لەگەڵ خۆیاندا دەخەنە سەما و هەڵپەڕکێ.

کۆچەری ڕێگەی نەهاتم خۆم ئەپێوم تۆ کە نییت

بای خەیاڵت نایە خانم، چۆن ئەشێوم تۆ کە نییت

گەر مگابایتێک لە بیرگەی لێوەکانتا ماوە ماچ

دایبەزێنە لاپەڕەی شەو، وشکە لێوم تۆ کە نییت

لەو شیعرەی خوارەوەدا وشەی «مەم غەریبێنە» جۆرێک شکاندنی نۆرمی زمانە و چاوگەکەی دەبێتە غەریباندن، واتە غەریب کردن، یان تووشی غەریبی و بێکەسی کردن.

دەستەمۆی ئامێزی خۆتم مەمغەریبێنە و مەڕۆ

نیشتەجێی ساباتی کەزیەم، ڕێگە مەدوێنە و مەڕۆ

نیشتمانێکم کە لۆگۆی سەد بڕینم پێوەیە

شۆڕەکاتێکم بە سەرما خوێ مەبارێنە و مەڕۆ

کۆمەڵە غەزەلی سێبەری شەو زۆری لەو وشە و دەستەواژە نوێیانە تێدایە وەک: شێتاندن، یاخییاوە، ئەشێتێم، شێتاوم، ناغەریبێ، کۆچاوە، کافراوە و ...

پێم دەڵێن بۆ کێ دەنووسی، کێ دە شیعرێنی شەوان؟

کێ نیگاتی شاربەدەر کرد بۆ هەرێمی بێ

خـەوان؟

**

ئـەو منـەی لێـم یاخییـاوە خەڵوەتـێ قـەرزارە پێـم

گورگـە هاریـش بـێ، ببـم بـا لـەو سـرووەی لـووڕەدا

**

کافراوە ڕۆح بە ئاسۆی دین کزیت
تۆ بڕۆی دڵ کەوتە هەر دینێ بە تووند

**

گەر بە یاخیبوونی تاڵێک یاخییاوە نێرەوز
مـل نـەدان شـیرینە هـەردەم ژن بـە کاتـی حورمەتـی

**

دوێنـێ پرسـیبووت کـە چۆنـە حاڵـی بـێ تۆیـی بـە دۆخ

هێنـدە شـێتاوم لـە تـۆدا و دەسـت بزێـوم ڕەنگـە چووم

**

هەر دەڵێم لێرە بریـنی دار بە ڕوو پێچم نەچم
دار بە دار کۆچاوە خوێنم هەر بەرەو دارانەوەم

شـەپۆلی غەزەلـی مۆدێـرن چەنـد دەیەیـە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان سـەری هەڵـداوە و دەیـان شـاعیر لـەو بـوارەدا چالاکـی دەنوێنـن و غەزەلەکانیـان لێورێـژن لـە پەیـام و وێنـە و هێمـا و دەسـتەواژەی نـوێ. کامیـل داوەری یەکێـک لـەو غەزەلنووسـە جواننووسـانەیە کـە شـیعرەکانی پڕن لـە نوێخـوازی و خەمـی ژیـان و کۆمەڵگـە و بژێـوی ئەمـڕۆی خەڵکانـی برسـی و بێـکار و بـێ داهـات.

کامیـل داوەری چونکـە خـۆی لـە گۆڕەپانـی ئـەو ژیانـە تـاڵ و پـڕ لـە نابەرانبەرییـەدا ئـارەق دەڕێـژێ و لەگـەڵ چینـی هـەژار و دەسـت کـورت و بێدەرەتانـی کۆمەڵگـە هەڵسـوکەوت دەکات، تـا سـەر ئێسـقان هەسـتی بـە دەرد و ژانـی خەڵکـی هـەژار کـردووە و لەگـەڵ خۆیـان و خـەم و مـەراق و ئازارەکانیانـدا ژیـاوە. دیـارە خۆشـی بـە لـەش و بـە ڕۆح ئـەو ئازارانـەی چێشـتووە.

بـێ، وەکـوو باوکـێ بـە کـوردی وا خەمـی ڕێـی نانیەتـی

سفرەییکی ڕەنگ پەڕیوە و سەرکزی میوانیەتی
تـا بەیانـی ئێشـەڕاوە و بـۆ وەنـەوزێ شـان بـە شـان

کۆڵەوارێکە ژیان و دەستەمۆی سەر شانیەتی
ڕۆژ نـە ڕۆژ هەنـگاوی زەردی دەسـت بـە تاڵـی کێـش دەکا و

تەقتەقی دەرکەش پڕاوپڕ باوەشی گریانیەتی
چەرخ لە یاریگەی تەوێڵی هەر گرانجانی دەکا و

دواهەمین کاتی ژیانی ئارەقی هەرزانیەتی

کاتێـک دەبینـێ پیـاوی دڵ زەبـری پیشـن بـە چەقـۆوە هەڵدەکوتنـە سـەر ژنـان و ژن کـوژی بووەتـە بەشـێک لـە بـاوەڕە بۆگەنەکەیـان و بـێ حورمەتـی بـە دایـک و ژن دەکـرێ، قەڵەمـی کامیل داوەری ناتوانـێ سـەر بخاتـەوە نێـو کالانەکـەی و هـاوار نـەکات.

تـا چەقـۆ بـڕۆێ بـەرەو ژن پـڕ بـە پەلکـە و غوربەتـی

سـەربڕین بـازاڕی گەرمـە، قـژ بـە شـانەی مەینەتـی

گەر بە یاخیبوونی تاڵێک یاخییاوە نێرەوەز
مـل نـەدان شـیرینە هـەردەم ژن بـە کاتـی حورمەتـی

تا عەتر هانا ببات بەر سنووری گوڵگوڵی
بۆگەنی چارشێو دەتارێ تا سنووری پەتپەتی

هەر کە دیت هەڵواسرابوو ئایەتی ئاوێنەیەک
نوێـژی جوانـکاری بخوێنـە تـۆ کـە چـاوی ڕووگەتـی

عەشق و جوانپەرستی لە غەزەلەکانی کامیل داوەریدا هێندە ناسکتر و جوانپەرستانەترن، خۆیەر تا ئەوپەڕی جوانییەکان دەبەن و تەزووی شیرین بە لەشیدا دێنن.

پێم دەڵێن بۆ کێ دەنووسی کێ دەشیعرێنی شەوان؟

کێ نیگاتی شاربەدەر کرد بۆ هەرێمی بێ خەوان؟

پەنجەرەت بۆ شەوشنەی کێ لێی ترازا بەریەخەی؟

کام کراست کرد بە مااڵ و کامە سوخمەش دەرکەوان؟

پێم دەڵێن پەنجەت لە پشت سەر پرچی کێوە نوێژ ئەکا

تۆ بڵێی من هێندە شێت بم پووگەکەم بێژم بە وان

بە ڕاستی جوانی لە غەزەلی (کامیل داوەری) دا گرێوی لە جوانی سروشت و ئافرەتیش بردووەتەوە، ئەوەش چەند بەیت لە غەزەلی باران:

هەر مەگەر باران بزانێ دڵ چەنێ گریاوە بۆت

چەند کەڕەت لەم سووچی شارا خەڵوەتم خووساوە بۆت

دووکەڵی دووریت بە ڕوونی مل بە خنکانا دەکا

پەنجەرەی خۆزگەم بە جارێ ژیلەمووی تێزاوە بۆت

هەر شەوێ دەنگۆی هەناسە گەیشتبێتە کووچەمان

عاشقت تاکوو بەیانی بەرزەپێ وەستاوە بۆت

لە غەزەلێکی ناسکی دیکەدا هەست و جوانی وەک بڕینجەی ئاوی کانی ورده شەپۆلەکانی ئاژینی ڕۆحی خۆیەر دەبێت:

سەر بە ساقەی چاڵی کوڵمەت پێکەنینت جوان ئەکا

شەو هەناسەی گۆبەڕۆکت بانگەوازی ژوان ئەکا

ئێرەیی ئەندامەکانم دێنە سەر چاوم کە دێی

دەم بە تامی باوەشێکت نۆبەرەی قەزوان ئەکا

هەرچی جارە سەد بەڵێنیم داوە ماچێ بەسمە بە س

تێنەگەیشتم بۆ لەوێ دڵ ئارەزووی دوان دوان ئەکا؟

خۆشەویستیی وڵات و نیشتمانیش جێگەی لە شیعری (کامیل داوەری)دا خاڵی نییە و جارێک ئەم نیشتمان دەلاوێنێتەوە و جارێکیش نیشتمان کۆرپەی دڵی ئەم لە باوەش دەگرێ.

زاگرۆسە و هۆرە دەچڕێ چاو لە ڕێی ئاوێنەکان

پیت بە پیت مێژوو دەنووسێ تیشکی تۆڵەی خوێنەکان

دڵ تریبۆنی شەقامە و کچ دەخوێنێ خۆرەتاو

گوڵ هەنار پەلکەی لە بیرە و دێنە دەنگ بزوێنەکان

گەر فلەشبەک بەی لە کانی دێتە بەر گوێت کارەسات

تەم دەهاوێ سرتە سرتی دڵتەزێنی وێنەکان

کورسی کورسی مل دەنێ گڕ، هەڵکراوین تا سکڵ

ئاهـ دەسووتێنێ قەناره و قەفقەفی پشتوێنەکان

لە غەزەلێکی دیکەشدا سەر دەکا بە نێو ڕۆحی خۆیدا و لەگەڵ خۆی دەکەوێتە کێشە و لە نێوان ڕۆیشتن و مانەوەدا ململانێ دەست پێدەکات و دڵی نایە نیشتمانەکەی بەجێ بهێڵێت و لە ئامێزی دایکی دوور بکەوێتەوە.

شەو لە خۆمدا تا بەیانی دەستەمۆی سووڕانەوەم

ڕۆژ لە بەردەم دووڕیانی هەڵوەدایی و مانەوەم
هەر دەڵێم لێرا بریندی داربەڕوو و پێچم، نەچم
دار بە دار کۆچاوە خوێنم هەر بەرەو دارانەوەم
دیق دەکەم بتڵێمە شارێ کووچەیێ کوردی نەبێ
هەندەران تەنگ بێ بە بەرم و زەرد ببێ سەردانەوەم
کێ لە لێواری چەقۆدا دەست لە دایکی بەر دەدا
لایە لایەی لووتکە ڕەنگە بێ بە هۆی گیرسانەوەم
لە غەزەلێکی دیکەشدا خەمی بێ وڵاتی و ئاوارە بوون لە نیشتمانی خۆی هەڵیدەچۆقێنێ و دڵی دەخاتە سەر باڵی سکاڵا و هاوار دەکا.
دڵ بپیشێنی و بە ڕێکەوت گوێگری ڕازێ نەبێ
بەر بە بەر لێی داکەوێ حەز، هەڵگری نازێ نە بێ
چوار پەساپۆرتت لە باغەڵ بێت لە خاکێ لەتلەتا
بۆت نەبێ ئامشۆ بکەی تا حوکمی سەربازێ نە بێ
لەم غەزەلەشدا کە دواییین غەزلی کتێبەکەیە جوانی و بێگەردیی هەست و وشە ئاوێتەی یەکتر دەبن و دەبنە غەزلێک بۆ باڵای ئاڵای نیشتمان.
بووکەبەفرینەی خەیاڵم یادی ئەوسای کردووە
بەر بەیانە و بەفری تازەی باوەشێ دایکردووە
مێزەری قازیم وەبیر دێ بۆیە بەفرم خۆش دەوێ
چوار چرای ڕۆحم دەمێکە یادی ئاڵای کردووە

ژێدەر:
سێبەری شەو، کامیل داوەری، چاپی یەکەم، ١٤٠٤، پەخشانگای ڕۆژهەڵات . سنە.